
سەید حەکیم پێشوازی لە بالیۆزی تورکی دەکات و پێوەندی دوو قۆڵی و زەمانەتی مافەکانی ئاو لێگۆڵی تاوتوێ دەکات



بۆنز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی رۆژی 24ی 2025 لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بۆنز ئینیل بورا ئینان بالیۆزی تورکیا لە عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە پێوەندی دوو قۆڵی هەردوو وڵات و چەنیەتی پێشخستنی کرا کە بەشێوەیەك بێت خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو گەلی دۆست و هاوڕێ بکات.

سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگێ پێوەندیەکان لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و هەماهەنگی ڕۆکان لەسەر دۆسیەکانی ناوچەکە پتەو بکرێت و داواشی کرد هەماهەنگی هەبێت سەبارەت بە دۆسیەکانی ناوچەکە و گوتیشی دەبێت عێراق بەشی دادپەروەرانەی خۆی لە ئاوی دیجلەو فورات وەرگرێت و ستایشی ئێرکی هاریکاری هاوبەشی لە بواری بۆوبەردنی ئاو بکارهێنانی بەشێوەیەکی گونجاو کرد.
هەروەها سەید حەکیم جەختی لە گرنگی سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردەوە و داوای لە وڵاتە گەورەکان کرد هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ڕاگرتن لە گرژیەکان و ئاماژەی بەوەشکرد کە هەر ئاڵوزی و کێشەیەك لە هەر پارچەیەکی ناوچەکەدا دەبێتە هۆکاری پشێوی و گرژی لەهەموو ناوچەکەدا.
لەکۆتایدا سەماحەتی ئاماژەی بە ووداوە سیاسیەکانی ئەم دواییەی عێراق کرد و گوتی عێراق هەنگاوی باشی بەیوە بە بەدی هێنانی سەقامگیری ئەمنی و کۆمەلایەتی وسیاسی و ئێستاش نزیکە لە سەقامگیری هەمیشەیی گوتیشی کرانەوەی عێراق بۆووی ناوچەکە و جیهان لە ئارادا هەیە بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی و مافەکانی پاریزراو بێت.